# چەند بیرەوەرییەک لە ژیانی پەناهەندە

مەحموود محەمەد عوسمان



سەختە بەلامەوە کە هەواڵی دیپۆرت کردنی پەناهەندە ئەبیسم ، سەختە کە کەسانێک بە هەر هۆیەک پەنایان بۆ بەناو وڵاتانی مافی مرۆڤ و دیمۆکراسی هێناوە بەڵام بەهرەمەند نەبن لە سادەترین مافەکانی ئینسان بۆ مانەوە ، ئەوەندەی تر دڵم ئەگوشێ کە تەمەنێک لە وڵاتێک بیت زیاد لە 7 ساڵ هەتا 15 ساڵ بەڵام بە پارچە کاغەزێک بتخەنە سەر جادە و فریای دوا بۆنی ماڵەکەت نەکەویت ، هەر رۆژی هەواڵێ بەر گوێجکەمان ئەکەوێت ، گەرکمە ئەوە بڵێم ئەبێ بە قسە و کردار بەردەوام بین لە پشتگیریان بە هەر وەسیلەیەک ئەکرێ و لەهەر شۆێنێکی ئەم دونیادا ، چونکە دیاردەیەکی جیهانییە . منیش هەوڵ ئەدەم گۆشەیەک بگرم لە خستنە رووی ژیانی چاوەروانییان .
ئەم دوو بیرەوەریە لە کەمپی چاوروانی نووسیبووم .

## کەشتی

رەنگە لەم تابلۆیە کە ناوەکەی دیارە ، تۆ بە شێوەیەکی تر لێی تێبگەی و یەکێک لە حیکایەتەکانی سەرنجت رابکێشێ و هاندەرێک بێت بۆ هاتنە دونیای خەیاڵ و ئاواتەکانت کە پەنگی خواردووەتەوە لات ، و بەنوسینی ئێوە و منیش بەردەوام بین لە گێرانەوەی بەسەرهاتەکانی پەناهەندە و بار و دۆخیان لەهەر کوێیەکی ئەم دونیایە و باسی نیشتەجێبوونیان بکەین ، وپشتگیریان بکەین بۆ بەدەست هێنانی مافەکانیان ، و ئەگەریش نەتوانین بەتەواوەتی ، خۆ گۆشەیەکیمان پێ جوان ئەکرێ .

با وەڵامان بۆ خەفەت و ستەم هەر فرمێسک رشتن و ئاە هەڵکێشان نەبێت . خۆ ئەکرێ ئێمە لە خەندە و فرمێسک ، ئازادی و کۆت تێبگەین . قسەکانمان و ئاواتەکانمان هەموو موفرەداتیی ژیانمانە ، ژیانیش بۆ خۆی هیچ مەسەلەیەک و گیروگرفتێک ناخاتە روو بە بێ چارەسەر ، بەڵام دەسەڵات نایەوێ .

ئەم شوێنە رەنگە بەخەیاڵی زۆر کەسدا نەهاتبێ . بیرم شپرزە بوبوو کە کارتی ترانسفێرەکەیان دا بەدەستمەوە ، ئاخر ،، چۆن ؟ چۆن ئەبێ بۆ ماوەیەکی دوور لە کەشتی بژیم ، ئیتر مەتەڵەکانی دەریا بە زۆرەملێ میوانمان ئەبێ ؟ بۆ ئەبێ ئێمە بەم شێوەیە ئاشنای کەشتی بین ؟ ، یان لە شاحینەوە بۆ ناو کەشتی یان 40 تا 50 کەس بە نهێنی لە ژورێکی کەشتیدا سەفەر ئەکەین .

ئەم کەشتییەی ئێمە وەک هەموو کەشتییەک نییە ، بزانی لە کوێوە هاتووە و بۆ کوێ ئەروات و تەنانەت بارەکەیشی چییە . کەشتی نیشانەی کاروانەو یەکێکە لە هۆکانی هاتوچۆ . بەڵام لێرە بە پێچەوانەی سیمای سروشتی خۆی، وەستاوە و بارەکەی کۆچەرییە ، دونیایەکی سەیرە !، خۆشمان سەیر لەم نهێنییە دەر ناکەین ، کەی کەشتی بۆ ئەم مەبەستە دروست کراوە . ئێستە تێگەیشتم لە دوودڵی وەڵامەکانی قوتابییانی سەرەتایی بەرامبەر پرسیاری ( هۆکانی هاتوچۆ ) . ئەم کەشتییە پشتی چەماوەوتەوە لەبەر بارە پر ئەندێشەکەی کە کەلتووری و هیوای و ئاواتێ خەڵکانی هەڵگردووە .

بەڵێ وردە وردە ژیانمان ئاسایی بووەوە لە ژورێکی سێ مەتر پان و پێنج مەتر درێژی بۆ چوار کەس و بۆ شوێنی تەلفزیۆن و کورسی و دۆڵاب و ئاودەست و شوێن قاپ ششتن .

بۆ چەند مانگێک هەر باسی ئەوە ئەکرا کە ئەگوێزینەوە بۆ کەشتییەکی تر ، تارادەیەک بە باشمان ئەزانی ، هیچ نەبێ 2 کەس لە شوێنی 4 کەس لە ژورێکدا بەڵام بچووکتر ، شتێکی تر نهۆمی ژێر ئاو شوێنی نهۆمی ئەرزی گرتبووەوە .لە کردنەوەی ئەم کەشتییە ، ئاهەنگ گێرا و یاری کرا و دانیشتوانی هەردوو شارەکە کە لەم کەشتی نزیک بوون پۆل پۆل ئەهاتن بۆ بینینی ، و چاویان پربوو لە پرسیار و چێگەییەکی گرتبوو لە بیرکردنەوەیان ، دەیان گفتوگۆ کرا و پەیوەندی بەسترا .
ئارەزوی من و هەزارەها کەس تەریب ئەبوو بۆ گەشتکردن بە کەشتی و بینینی ژوری ژێر ئاو ، بەڵام نەک بۆ زیندەگی و بۆ مانەوە چەند ساڵێ بە بێ وەڵام یان باری دەروونی لە چاوەروانی بەردەوامیدا بێت . هەر لەشاری گرۆنینگەن کە 35 کێلو مەترێک لە کەشتییەکەوە دووره ، جوانتری مۆزەخانەی لێیە کە نیوەی لە ژێر ئاوە ، چوونە ژوورەوە بە پارەیە ، لێرە ژووری ژێر ئاو هەیە و بە خۆراییە ( خۆت بەراوردی بکە ) و شێوەی زیندانی وەرگردووە لە دڵی پەناهەندادا . سودانییەک بەزمانیدا نە ئەهات بڵێ کەمپ ، ئەیوت سەربازگە ( معسكر ) ،راستی ئەکرد، کوردێکیش بە پرسگەکەی ئەوت ( باب النظام ) ئەویش راستیکرد .
بەڵی لێرە بووینە گەڕەک و ئاشنایمان پەیداکرد . بەرامبەرکەم چەند ساڵێکە بێ وەڵامە ، ئەوەی دەستی چەپمیشم سەر خۆی هەڵگرت بۆ شوێنێکی نادیار ، ئەولاتر گەڕایەوە بۆ کوردستان ، یەکێکیتر فێری تلیاک بوو ( معتاد بوو ) ، دوو گەنجی ئەولاتر خۆش مجلسن ، ئەرمەن کە لە سوچەکە ئەژیا و خەڵکی ئەرمەنستانە ، کە بریاریاندا بیگەڕێننەوە بۆ وڵاتەکەی ئەویش بریاریدا کۆتایی بە ژیانی خۆی بێنێ ، بەڵام براکەی پێی رەسی و رزگاری کرد ، لە گەڕکە کۆنەکەمان ( کەشتییە کۆنەکە ) دوو کچە بۆسنەکە کە 7 ساڵ و 10 ساڵ بوون و چێگەی خۆیانیان کردبووەوە لە دڵی هەمووماندا بەیانیانێکیان دیبۆرتیان کرد لەگەڵ دایکییاندا ، فریای بینینی دوا بزەیان نەکەوتین ، ئەو ژنە ئەرەب زمانەی تورکیاش کە چێگەی متمانەی کچ و ژنی گەڕەکەکە بوو لەگەڵ هەر شەش منالەکەی تووشی هەمان چارەنووسی دوو کچە بۆسنەیەکە بوون .
ئەمە بەشێکی حکایەتەکانمانە و سەروتاری رۆژنامەکانمانیشە کە بە دەماودەم ( شفهی ) بەچاپی ئەگەیەنین . تۆش رەنگە لە من باشتر تەسویری ئەم دیمەنانە بکەی و سەختی رەوشی پەناهەندە باس بکەی .

15 –8–1998

................................................................

## سێ شەممە

سەرینەکەت راستکردەوە و هەردوو دەستت خستە ژێر سەرت بۆ ئەوەی بە باشی تەلفزێۆنەکە ببینی ، پای راستت بە جموجوڵێکی ئۆتۆماتیکیانە بەم لاو بەولادا ئەتلەقان ، بە بێ ئەوەی لە ژێر کۆنترۆلی خۆتدا بێت یان ماندووت بکات .. تێروارینی ئەمجارەت وەک شەوانی تر نەبوو ، خۆشت نەت ئەزانی چاوەرێێ چی ئەکەیت ..
بە بیستنی سبەینێ ( سێ شەممەیە )، موچرکەیەک بە جەستەدا هات وەک لەخەوێکی زۆر قوڵ راچەڵەکیبیت ، ئیتر کەوتیتە ناو دونیایە هیوا و ئاوات .. بە بێدەنگی وەڵامی پرسیارە هەمیشەییەکانی خۆت ئەدایەوە . ئەو شەوە هەر بەخەیاڵ وبیرکردنەوە سەرخەوت ئەشکاند، خەوی سەیر وسەمەرەت ئەبینی و هەر بەردەوامبوونی خەیاڵەکانت بوو ، چاوەکانت رێگربوون لە پشوودانی لەشت ، بە نیگایەکی قورسەوە سەیری دیوارەکەی بەرامبەرت ئەکرد و سەرت سوڕمابوو لە کاتژمێرەکە ، شەوگارێکی

درێژ بوو و رۆژیش ئارەزووی لێ نەبوو خۆی پێشان بدات .. ئەم بەیانییە زوو شوێنی خەوتنەکەت بەجێهێشت ، ، زۆر شپرزە بوویت ، بەرەو رووی حەشاماتەکە رۆشتی . لەگەڵ چۆنی و چاکی و بەیانیت باش بە چەند زمانێک ، کەم کەم شوێنی خۆتت کردەوە لە ریزەکەدا ، سەرەتاتکێت ئەکرد وەک چاوەروانی کەسێک بکەیت ، هەندێ جار تێروانین و چاو ئازادکردن .. جار نەجارێ بزە ئەیویست فرسەتی دەستکەوێ بۆ سەرلێوت ، بەڵام بە بینینی چەند سیمایەک کە نیشانەی چاوەروانی و بێ ئومێدی بوون ، ئیتر خەفەت زاڵ ئەبوو بەسەر خەندەدا . کاتێکت زانی بەرامبەر پۆلیسەکەیت و زوو کارتە سەوزەکەتت دابەدەستییەوە ، ئەو بە شوێنی ناوەکەت ئەگەرا لەو لیستەیی کە لەبەردەستی بوو و تۆش سەرت شۆرکردبووەو بۆ سەر مێزەکەی بەڵکەم تێبینییەک بەدی بکەیت یان وشەیەک بەرامبەر ناوەکەت نووسرابێ . هەناست لە خۆت بریبوو ، ئاگات لە هیچ غەڵبە غەڵبێ نەمابوو ، بۆ چەند چرکەیەک بێدەنگی هۆڵەکەی داپۆشی ، هەر ئەوەندە پۆلیسەکە دەستی برد بۆ ئیمزای کارتەکەت و هیچ تێبینییەکی نەوت ، ئیتر هەراو هوریا و وشە و رستەی بچڕ بچڕ ( زحمەتە ، چای – هەم دیسان – بیرەوەری – وەڵام وەرگردن– ئاخر من ) بەدەنگێکی بەرز وتێکەڵ وپێکەڵ لەگوێتا ئەزرنگایەوە ، چاوەرێ فەرمووەکەی پۆلیسەکەت نەکرد و سەیری روخساریت نەکرد . وردە وردە هەنگاوەکانت لەشە قورسەکەتی رائەکێشا ، بە چاو هەموو خەڵکت ئەبینی بەڵام فکر و هۆشت بۆ کۆ نەئەکرایەوە ، بەرەو ژورەکەت بەرێکەوتی ، بە رێگەوە هەر پرسیاریان لێ ئەکردی و تۆش بە چاو و بەسەرلەقاندن وەڵامیانت ئەدایەوە و رۆژ و مانگت ئەژمارد و وێنەی هاوسەرکەت و منداڵەکانت و چەندە شوێنەوارێک و چەند پەیوندییەک گوزەری ئەکرد ، ئەمجارەیان بە پێڵاوەکانتەوە خۆت دا بەسەر قەروێڵەکەدا بۆ سێ شەممەیکی تر لە چاوەروانی .

1998-10-1

هۆڵەندا

m_o_osman@hotmail.com

تێبینی :

( سێ شەممە ) : کاتی خۆی لە فیدراسۆن بلاو بووەوە و بەزمانی هۆلەندی لەیەکێک لە گۆڤارەکانی ئەم شارەی کە تێیدا ئەژیم بلاو بووەوە